
Al-Anfal
کوشتنی جەستە و سڕینەوەی نەتەوە
ئامادەکردنی: نامق هەورامی
namqhawramy@hotmail.com
ئێمە چیمان لێیان دەست کەوت؛
وتمان لەوانەیە چەند پیاوێکی باشیان
تیـــا بدۆزینەوە، بەڵام هەرگـــیـــز
نەماندۆزییەوە، دەبێت سەریان پان بکەمەوە،
ئەم سەگانە دەبێت، دەرسیان دابدەم.! نا، دەبێت
بە بلدۆزەر بیانێژم".
لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانیدا لە کەرکووک عەلی
حەسەن مەجید وای گوت

ئەنفال کە جەمعی «نەفل»ە و نەفلیش واتای تالآنی دەگەیەنێت، تالآنی ڕۆح «کوشتن» ، تالآنی جەستە «بە کۆیلەکردن و کەنیزەک بازی و بە زۆر مارەکردن و فەلاقەکردن و لێدان ....» تالآنی موڵک و سامان و تالآنی نەتەوە «زمان و خاک و ئایین و کەلتوور و بیر وباوەڕ و ئاوەز» دەگرێتەوە. جێبەجێکارانی ئەنفال گەشتبنە هەر جێیەک و نیشتمانی هەر میللەتێک، سەرەتا کاریان لەسەر تالآنکردنی ڕۆح و جەستە و سامان کردووە. دوای ئەوەش دەستیان بە تالآنکردنی نیشتمان و نەتەوە کردووە.

ئەم ئەنفالکردنە گەیشتە ئاستێکی زۆر مەترسیدار و جگە لە تالآنی ڕۆح و جەستە کە خۆی لە بێسەر و شوێنکردنی زیاتر لە ١٨٢ هەزار کورد و فرۆشتنی کچۆڵانی کورد و زیندە بە چاڵ و کۆمەڵکوژی و هەزاران تاوانی تردا دەبینییەوە، دەستی پێکردووە و ئەنجام دراوە.

مەترسی ئەو ئاستەی ئەنفال پێی گەیشتووە لەوەدا دەردەکەوێ کە گەیشتووەتە قۆناغە هەرە کامڵەکەی واتە لە قۆناغی ئەنفالی ڕۆح و جەستە و موڵک و سامان تێپەڕی کردووە و گەیشتۆتە قۆناغی تالآنکردنی نەتەوە.

مێژوو نووسەکانی عەرەب خۆشیان نکۆڵییان لەو ڕاستییە نەکردووە کە کوردستان یان هەر نیشتمانێکی تریان داگیر کردووە، بەڵکو شانازیشی پێوە دەکەن کە توانیویانە چەند گەل و تیرە و تایفەیان بەو دەردە بردووە، تەنیا ئەوەندە نەبێ هەندێ جوانکارییان پێبەخشیوون و وای دەگێڕنەوە گوایە ئەمان چوبێتنە هەر ناوچەیەک و داگیریان کردبێت، خێرو بەرەکەتیان بۆ بردوون " ئەمەش بانگەوازی هەر داگیرکەرێکە لەکاتی داگیرکردنی نیشتمانی گەلانی تردا.

## پرۆسێسی ئەنفال

لە ڕاپەڕینەکەی بەهاری «١٩٩١» دا چوار ملیۆن پەڕەو بەڵگەنامە بە قورسایی «١٤ تەن» لە بارەگاکانی حکوومەتدا گیران، لە مانگی ١٩٩٢/٥ دا دران بە میدڵ ئیست ئۆچ «٣٥٠» کەس کە لە ناو ڕووداوەکانی ئەنفالدا دەرچووبوون، میدل ئیست دوای دوو ساڵ لێکۆڵینەوە لەو چوار ملیۆن بەڵگەنامانە و چاوپێکەوتنی ئەو ٣٥٠ کەسە، ئەنجامی کارەکەیان لە کتێبێکی ٣٧٠ لاپەڕەییدا، لە ژێر ناوی «ژینۆساید لە ئێراقدا- کەمپانییەکانی ئەنفال دژی کورد» دا پوختە کرد.

دڵۆپێک لە دەریایەک، بەپێی «میدل ئیست ئۆچ" پرۆسەی ئەنفالکردن بە موو لە بە کۆمەڵ کوشتنی جولەکەکان جیاوازی نییە.

ئەنفال وشەیەکی عەرەبییە، بە مانای "تالآنی جەنگ دێت، لە دوای سەرکەوتنی موسڵمانەکان بە سەر کافرەکاندا لە شەڕی «بەدر»دا هاتە خوارێ، لە «١٩٨٨/١٢/٢٣»ەوە واتا دوای «١٣٦٠» ساڵ، لە مێژووی نەتەوەیی کورددا، ئەنفال مانایەکی تری وەرگرت.

ئەنفال ناوی زنجیرەیەک هێرشی سەربازییە کە بە مەبەستی تێکشاندنی نەتەوەیی، کە حکوومەتی عێراق دژ بە کورد کردی ، ئەمەش بە مەبەستی خاپوورکردنی هەموو خاکی کوردستان، هەستان بە





ڕاگواستنی «١,٥» ملیۆن کورد، لەگەڵ بە کۆمەڵ کوشتنی زۆربەی خەڵکی ناوچەکان.

ڕۆژی ١٩٨٣/٣/١٨ سەددام حوسێن و شورای سەرکردایەتی بەعس، بۆ نەهێشتنی هەمیشەیی مەسەلەی کورد، عەلی حەسەن مەجید دەکەن بە سکرتێری گشتی پارتی بەعس لە باکوور، لەگەڵ دانانی عەلی حەسەن مەجید لەو جێگایەدا، هەموو دەستەڵاتی سەربازیی و مەدەنی ڕاستەوخۆ دەخرێتە ژێر دەستییەوە، ناوبراو نزیکەی ساڵێک تەرخان دەکات بۆ خۆ ئامادەکردن، لەمەشدا تیپی ٢,١ لەگەڵ هەموو هێزە چەکدارەکانی ئەمن، جاش و مەدەنی بۆ ئامادەکردنی "هێرشەکانی ئەنفال" بەکار دەهێنێت، کوردستان وەک ناوچەیەکی جەنگ و قەدەغەکراو تەماشا دەکرێت.

**بڕیار**

**ساڵ ڕۆژ «١٩٨٧/٦/٣»**

**بڕیاری ژمارە«٢٨/٣٦٥٠» خاڵی ژمارە «٤»**

**هێزە چەکدارەکان بە دەستەڵاتی یاساییانەوە، دەبێت هەر کەسێک یاخود هەر ئاژەڵێک لە ناوچەکەدا هەیە، بیکوژن، ئەو ناوچانە بە هەموو شێوەیەک قەدەغەن.**

**ساڵ ڕۆژ «١٩٨٧/٦/٢٠»**

**خاڵی ژمارە «٤»**

**سەرکردەی هێزە سەربازییەکان بە هێلیکۆپتەر و هێزی هەوایی شەو و ڕۆژ بە بەردەوامیی لە ناوچەکان بە مەبەستی کوشتنی زۆرترین ژمارەی خەڵک لەناوچەکەدا، بۆمبابارانی دەکەن و ئاگاداری ئەنجامەکانیمان دەکەنەوە.**

**خاڵی ژمارە «٥-٦»**

**هەر کەسێک لەو گوندانەدا دەگیرێت یاخود خۆی تەسلیم دەکات، زیندان دەکرێت، هێزەکانی ئەمن لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکەن، گیراوەکان لە سێ ڕۆژ زیاتر گل نادرێنەوە، لەکاتی پێویستدا دە ڕۆژ مانەوەیان درێژە پێدەدرێت، ئەوانەی تەمەنیان لە «١٥-٧٠» ساڵە دوای ئەوەی هەموو زانیارییەکی بەسوودیان لێ وەردەگیرێت ئیعدام دەکرێن.**

# منیش ئەنفال کریام

ئەنفال ڕوداوێکی سادە و ساکار نییە بە ئاسانی لە بیر بکرێ، ئەنفال کارەساتێکی پلان بۆ داڕێژراوبوو بۆ جینۆسایدکردنی کورد و سڕینەوەی کوردستان لە نەخشە، بە دەستی دڕندەترین حوکمڕانی سەردەم جێبەجێ کرا، ئاسەوار و کاریگەریی ئەنفال لەسەر هەموو تاکێکی خاوەن ویژدانی کورددا دیارە و لە یاد کردنی مەحاڵە، بۆیە دەبێ هەنگاو بە هەنگاوی تۆمار بکرێ و خوێندنەوەی مێژوویی بۆ بکرێ، لەسەری بوەستین و وانەی لێ وەربگرین.

ئەوانەی لە دۆزەخی بۆ کورد هەڵکراوی نوگرە سەلمان و عەرعەر گەڕانەوە و ئەوانەیشی وابە ڕێکەوت لەو دۆزەخە ڕزگاریان بوو، هەریەکەیان بە هەزاران داستانیان لا تۆمار بووە کە ویژدانی مرۆڤایەتی دەهەژێنێ، ئەمەی لای من تۆمار کراوە و باسی لێدەکەم دڵۆپێکە لە دەریایەکی ئەو کارەساتە، بەڵام هەر دڵۆپە فرمێسکێکی دیدەی ژنە کوردێکی ئەنفال مەرەکەبی مێژوویی پڕ مەینەتی کوردە و دەبێ یادداشت بکرێ.

لە ڕەوە بە کۆمەڵەکەی پاش ڕاپەڕین، ڕێکەوت کردمی بە هاوەڵی کچێکی تەمەن «١٨-١٩» ساڵەی بە جەستە لە ئەنفال بە جێماو و بە هەست و ڕوح ئەنفال کراو، سەر زمان و ژێر زمانی هەر باس باسی ئەنفال بوو، زۆر بە تاسەوە گوێگری بووم،.. لە دڵەوە هەستم بە ئازارەکانی ناخی دەکرد...هەربۆیەش باوەڕی پێم هێناو بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕامەوە.

ڕوناک شوانی/ سوید

«من خەڵکی دێیەکی بچووکی گەرمیانم خەڵکی دێیەکەمان هەموو ئەنفال کریان، ئێستاش نازانم کاکم و باوکم هان لە کوێ، لەکاتی ئەنفالەکەدا من و دایکم و برا بچووکەکەم لە شار بووین ڕێگە بەسترا نەمانتوانی بگەڕێینەوە بۆ دێیەکەی خۆمان، پاشان لە تەک ئەوانەی لە ئەنفال ڕزگاریان بوو یان لە نوگرە سەلمان گەڕانەوە لە ئۆردوگای شۆڕش نیشتەجێ بووین، ماڵەکەمان زۆر بێ کەڵک بوو، ژورێکی بە بلۆک دروست کراوی سواخ نەدراو، نە ئاومان هەبوو نە کارەبا... نە ژیان لەبەر نەبوونی و هەژاری منداڵ و ژن دەستمان دایە کارکردن، منداڵان لە بازاڕەکاندا ون بوون، ژنان و کچانی گەنجیش ڕوومان دەکردە ئەو دەشتە و کەنگرمان دەکرد یان لە باخ و کێڵگەکاندا سەوزەمان دەسکەنە دەکرد، بەینا بەینێ کابرایەک دەهات و دەیبردین بۆ حەویجە لەوێ لە کێڵگەی ئەفسەرێکی عەرەب سەوزە و تەماتە و خەیارمان دەچنی، هەر لە شەبەقەوە کارمان دەکرد، تا نزیکی ڕۆژئاوا بە کرێیەکی کەمەوە دەگەڕاینەوە ماڵەوە.

هەندێ ڕۆژ ئەفسەرەکە خۆی دەهاتە سەر کێڵگەکە هەر جارەی یەکێکی لێ دەستنیشان دەکردین کە بچینە ماڵەوە بۆ یارمەتیدانی ژنەکەی لە کاروباری ناوماڵ، لەبەر ئەوەی زۆر میواندارە، ئەوانەی کە پێشتر ڕۆیشتبوون کە دەگەڕانەوە هیچ شتێکیان لای هاوەڵەکانیان نە دەدرکاند، زۆربەشیان وازیان لە کار دەهێنا...تا ڕۆژێکیان نۆرە گەیشتە من لە تەکیا چوومە ماڵەوە، وتی ئەمشە و میوانێکی زۆرم هەیە و ژنەکەم فریا ناکەوێ بە تەنیا بەڕێیان کا دەبێ تۆ یارمەتییەکی باشی بدەی، کە چوومە ماڵەوە یەکسەر دەست بە کاربووم، کوڵێکیش خۆشحاڵ بووم کە بۆ ڕۆژێکیش بووە لە گەرمای بەرهەتاو و قوڕ و لیتەی سەوزەچنین ڕزگارم بوو، پەنجەکانم ئەوەندە ئازاریان زۆر بوو هەستم دەکرد خوێنیان لێ دەتکێ...خواردن و خواردنەوەیەکی زۆر خرایە بەر دەست میوانەکان، بە درێژایی کات کە بۆن و بەرامی ئەو خواردنانە دەچوو بە لوتما بیرم لە دایکم و براکەم و خەڵکە برسییەکەی ئۆردوگا دەکردەوە، کە شەو داهات و کاروبار تەواو بوو ژنە چووە قاتی سەرەوە خەفت و منیش لە کونجێکی چیشتخانەکە سەرخۆم کزکرد و لەبەر شەکەتی بەدەنم خەوم پیا کەفت، ئەوەندە بە ئاگا هاتم یەکێک بە نووکە شەق خەوەرم دەکاتەوە، ڕاچڵەکیم...ڕوانیم کاورای خانەخوێیە، داوای لێکردم بڕۆم خزمەت میوانەکان بکەم، کە چوومە ژووری میوان دەنگی مۆسیقا و پێکەنین و قسەکردن تێکەڵ بە یەک ببوون کەس گوێی لەوی تر نەبوو لەکاتێکدا خەریکی کۆکردنەوەی شتەکانی بەردەستیان بووم، کاورایەک وەک سەگی برسی پەلاماری دام یەکێ تریش هات دەستم بۆ بەرێ... خۆم ڕاپسکان وزۆر تێکۆشام تا خۆم لە دەستیان قورتار کەم، جلەکانم دڕان، ئەوانی کە دانیشتبوون هەموو پێکەنین...وە هەر حاڵ بوو خۆم قورتارکرد و ڕامکردە قاتی سەرەوە پەنام بۆ ژنە ئەفسەرەکە برد، کەوتمە سەر دەست و پێی وتم شەرەفم بپارێزە، ماڵی ئاوا، ژنە بانگی مێردەکەی کرد تۆزێ قسەیان کرد و کاورا ڕۆیی، ژنە لێمگەڕا لە هەورە بانەکەی سەربان تا بەیانی بحەوێمەوە، ڕۆژم لێنەدەبووەوە...تا بەیانی وەک سەگ هەڵدەلەرزیم، دارو بەردم لێبووە پیاوی دڕندە و پەلاماریان دەدام، کە ڕۆژ بووەوە گەڕامەوە سەر کێڵگە، هاوەڵەکانم هەموو تەماشامیان دەکرد، دەمتوانی بەبێ ترس لە تەک هەموویان قسە بکەم بزانم ئەوانیش وەک منیان بەسەرهاتووە، کەس نتقی لێوە نەهات، بەڵام بە چاوەکانیان زۆر شتیان بۆ باس کردم، ئەو ڕۆژەم تا ئێواری بەسەر برد و ئیتر نەگەڕامەوە بۆ کێڵگە.

